# خۆت سەغڵەت مەکەبرادەر..
# هیچ شتێکت نەبوو بیڵێت

**وەڵامێکی خێرا..**

**بۆنوسینە پڕخۆدزینەوەکەی ( هێمن حەمە جەزا )ی مامۆستام**

**زاناسامان**

(قینت بۆم بۆتە بار، سەرلەنوێ

فڕێی دەدەمە سەر ئامێری نەفرەت لێکراوی شەڕانیت..؟!)

**بۆدلێر**

*( بەدەر لەهەموو شتێك دەبێت راستەوخۆ بچینە نێو ئەو واقیعیەتە پرسامەی کەلەودیو دنیای ئەدەبیاتەوە هەیەو پەی بە نهێنیی و شێوازە جۆراو جۆرەکانی تر دەبات.*

*دیارە گرنگیدان بەوحاڵەتە ناشیاوو نا ئاساییانەی کەڕوبەڕووی خودی ژانرە ئەدەبیەکان دەبێتو بەتایبەتی جۆری (( دەق ))،*

*دەبێت بزانین بەچ شێوەیەك و چ جۆرەکارێك ئیش لەسەر یەکانگیریکردنەوەو ڕاستکردنەوەی بکەین.*

*هەموان ئەوە باش دەزانین کە دنیای ئەدەبیات هەروا ئاسان نیەو ئاوێتەبوون تێیدا دەتخاتە نێو چەندین کاری هەڵەو نائاگاییەوە*

*بەڵام لەسەرو ئەمانە ئەوەیە کەچۆن کارێك بکەین لەو تەنگەشەیە دەربازمان ببێتو جیهانێکی تایبەتمەندیانەی پڕ داهێنان بۆخۆمان هەڵبژێرین ).*

بۆیە پێویستە کەپێش وەڵامدانەوەیەکی رۆشنبیریانە کە کاك (هێمن حەمە جەزا) شتێکی لەبارەی بەرۆشنبیریکردنی منەو نووسیوەو هیچ پاساوێکی تێدا نیە بۆ ئەوەی کە بمگەیەنێتە ئەو قەناعەتە جددیەی کە باوەری پێ بهێنم، کەمن بەهەڵەدا چووم و کارەکەی(هێمن) دزینیە بەڵکو داهێنانە.

دەزانیت نوسینەکەی تۆ، بەر لەهەموو شتێك وەڵامدانەوەی کارە رەخنەییەکەی منەو دەبێت شتێك بڵێیت کە مایەی باوەڕ پێکردن بێت.

ئێ برادەر ئەوەی لەو وەڵامەدا لەتۆی بەڕێزم بیستووە، هەرگیزاو هەرگیز یاخود رۆژێك لەرۆژان بەرینەکەوتوومو کارەکەت یەکێکە لەو کارانەی کە ناچنەخانەی خۆپاراستنو دەرخستنی راستیەکانەوە، تامنی نائاگا بەکارەکەی خۆتان بەئاگا بهێنەوە.

باشه برادەر کەمن زۆر بەبێ ئاگا لەهەر کارێکی رەخنەیی ناوزەند دەکەیت، پێم ناڵێیت: کەئەوەی تۆ کردووتە دووره لەهەمووو ڕاستیو بەدەرخستنێکەوە.

نموونەش بۆ ئەم پێشنیازەم ئەوەیە کە دێرێکت لەخۆڕا درووست کردووەو وەکو دەستپێکی بابەتەکەتو لەلاپەری دووەمیشدا کەهەردوکیان بەیەکەوە دەهێنمەوە ئاماژەت پێداوە کە فەرمووتە:

(شاعیران دەیانەوێت پێکرا دەقێك بنوسن، کەپێشوەختە نەنووسرابێت)

(هیچ رستەیەك نییە، ئافرەتێکی پاکیزەبێت)

باشە ئەگەر ووتەی گەورە شاعیرێکی دنیان، بۆ ناویت نەهێناوە..........؟؟

ئەوە لەروویەکەوە، لە روویەکی ترەوە ئەوەیەکە بەرێزتان گەر ئەوەندە ئەدیبو رۆشنبیرن ئەی بۆ لەیەکەمین هەنگاوی (ئیدریس عەلی)دا ئەوکات سەرەتای هەنگاونانی بوو بۆ ئاوێتەبوون بە بواری ئەدەبیات، کەدەکاتە ساڵی (2003)، بەرێزتان هەستان بەدزیکرن لێی، هەر لەم پێودانگە ئەدەبیەی خۆمەوە پێتان دەڵێم: کە ئەگەر بێتو بەتەواوی ئیشم لەسەر شیعرەکانت بکردایە، دڵنیات دەکەمەوە کە کتێبەکەت بە سپێتی دەمایەوە، چونکە پڕە لە هەریەك لە(بەختیار عەلی، دلاوەرقەرەداخی، سوهرابی سوپهری).

جێی خۆیەتی کە بە بەرێزتان بڵێم: کە ئێوە جگە لەمن هێرشتان کردووەتە سەر خەڵکانی رۆژهەڵاتو بەبێ هیچ تێفکرینەوەیەك دژایەتیتان کردوون، هەمە لە کاتێکدایە کە بەرێزتان مرۆیەکی رۆژهەڵاتینو داو بۆخۆتان دەنێنەوە، نەك بۆ کەسانێکی ئەمسالی وەکو من، یان هیچ نەبێت کەجەنابتان ئیش لەسەر(سوهراب) دەکەن دەبێت وەکو ئەوشاعیرە تەماشای ژیانوخەڵکانی ئاسایی بکەیت،وەك چۆن دەڵێت:

(ئەبێ بشزانین گەر کرم نەبوایە، ژیان شتێکی کەم دەبوو

ئەگەر کرمۆکەش نەبوایە، قانوونی درەخت دەشێوا)

هەر هەمان شاعیر لەوێنەیەکی شیعری تریدا باس لەژیان دەکاتو دەڵێت:

(ژیان خاڵی نیە:

میهرەبانی هەیە، سێو هەیە، ئیمان هەیە)

پێویستە کە هاو فکرەی ئەو شاعیرە بیربکەیتەوە نەوەك خۆتان پێ شتێکی موهیم بێت، دەنا دەکەونە نێو ئەو کایە ناهەموارەی کە لەخۆرا تووشی خۆتانی دەکەنو هیچ بەڵگەیەکتان بۆ ئەو مەبەستە لەلا نابێتو هەڵدەستن بەدەستو پێ شکاندنی ئەمو ئەوی خەڵکانی ئاساییوبەتایبەتی رۆژهەڵاتیەکان.............بیرت نەچێت(سوهراب)یش رۆژهەڵاتی بوو براله.

بەڵام جگە لەو کارەی کە تۆ بەرامبەر (ئیدریس) کردوویەتە، راستەوخۆو بەبێ ئەملاو ئەولا دەتوانم ئیش لەسەر ئەو دزیانە بکەم کەلە (سوهراب)ت کردووە، کەلە (بەختیار)ت کردووە، کەلە (دلاوەر)ت کردووە..................

بەکۆپیکردنێکی سەقەتەوە.

بەڵام دیارە خۆماندووکردن بە بەرێزتەوە دەچێتە قاڵبی ئەوەی کە خۆم بەشتێکەوە ماندوو بکەم کەدواجار جگە لەهیلاکبوون هیچیتر نیە، بۆیە زەرووره بڵێم: زۆر خۆتی پێوە ماندوو نەکەیتو قسەی زیاترو کەفشی تری لەبارەوە نەکەیت باشترە لەبەرئەوەی هەر بەتەنها ئازارێکی ئەدەبیت بۆ دەمێنێتەوە، نموونەش بۆئەم کارەم ئەوەیە کە ئەو برادەرە ڕێزی ڕەخنەی ئەدەبی ناگرێتو دەچێتەوە سەر هەوانەی کەلەنوسنەکانیاندا فرەجنێوی بەکار دەهێنن، یاخود درێژدادرپەیەك دەکەن بۆخۆدەربازکردن، ئالێرەدا نمونەیەك بۆ کاك(هێمن) دەهێنمەوە..

(وەرەبچۆ بۆ زیندانێکی ئەم کوردستانەو باس لەگەڵ دزێکدا بکەرەوە، ئیدی بزانە بۆئەوەی خۆی بەپاکی نیشان بدات، چەندە درێژدادرِی دەکات لەکاتی وەڵامەکانیدا)

ئاخر ئەگەر کارێکی باشی هەبووایە لەو دەقەی ئیشم لەسەرکردووە بەبێگومان وەڵامێکی مەنتیقیانەی ئەدامەوە، نەك ئەوەی کە هەمووومان خوێندمانەوەو دڵنیام لەوەی کەجگە لەخۆی کەس لێی تێنەگەیشتووە تاددان بەحەقبوونی ڕاستیەکاندا بهێنێتو شتێکی ڕاستگۆیانە بۆمن بەجێ بهێڵێت کەمایەی باوەر پێکردن بێت.

لەنێو ئیشو نوسینەکەی (هێمن)دا هەست بەو ناجێگیریە دەکرێت کەوایکردووە لەو نوسینە بێمانەیەی تێنەگەیت کەناوی لێناوە(دەقنامە)و خۆی پێ هەڵخەڵەتاندووە.

لە شوێنێك لەوباسە ڕەخنەیەی من کە وتوومە: (نەلە هێمنو نەلە ئیدریس خۆشنابمو نابوورم) کاك هێنمی شاعیرو ڕۆشنبیر وا تێنەگەیشتووە کەمنی ڕەخنەگر لەوکارەدا ئەو بەیزەم بەگوناهبار زانیوە، بەڵام گرنگە بزانێت کەمەبەستێکی ترم هەیەودەکاتە واتایەکی هەڵگەڕاوەو ئەویش لەڕاستیەکەیدا ئەوەیە کەبە تەنها لەنێو ئەو چەند دێرە ڕاڤەکارییەدا شتێك کە جوداییەکی خێراو گۆڕان دروست دەکات ئەو دووانەیە کەوتوومەو هەڵبەت کە کارێکی ڕەخنەییەو دەبێت ڕۆشنبیرێکی وەکو ئەم برادەرە واتە مامۆستاکەم (هێمن حەمە جەزا) ی نەخشە دارێژەری بەرۆشنبیریکردنم، زۆر بەئاسانی لەو مەبەستو قسەیەی من تێبگەیشتایە.

## شتێکیتر لەسەر وەڵامەکەی.................. مامۆستا هێمن:

دەزانن کە ئەو ڕۆشنبیرە جگە لەوەی دزی لە دەقێکی شیعریدا کردووە، کەبەمن دەڵێت: نا ڕۆشنبیر لەشوێنێکی دیکەوە..کاکی ڕۆشنبیر، هیچ سەرچاوەیەکی بەکار نەهێناوە لە وەڵامەکەیداو لەسەرو ئەمانەشەوە، من گومانم هەیە کەهەریەك لە کتێبی(داهێنانو مەرگ/ی سەلاح حەسەن پاڵەوان)و(ڕێبازە ئەدەبیەکان/ی د.هیمداد حەیدەر)ی تالانکردبێت، بۆیە لەکۆتایدا دەڵێم:

(جارێکی دیکە ئامادەنیم وەڵامی ئەوزاتە گەورەیە بدەمەوە، تاخۆم ڕۆشنبیر نەکەم)

**وەڵام ئاوهایە ئەزیزم**

**نەك نوسینە ناشیاوەکەی بەڕێزتان**